کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 25-7-2007 21:40

## دوای دوو ساڵ دابڕان ڕواندزم چۆن بینیەوە. ... هاوری رواندزی.

ئەگەر ئێمە بێین و باس لەمێژووی شاری رواندز بکەین ئەو شارەمێژوویێکی زێرینی هەیە، مێژویی پرە



لە سەروەرو خاوەن بەناوبانگیەکی گەورەیە، رواندز شوێنی تێکۆشان و فیداکاری بووە، شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤی زاناو روناکبیرو نیشتیمان پەروەربووە کەسی بەتوانای لی هەڵکەوتووە لەهەموو بوارەکاندا.

شارۆچکەی رواندز لەسەردەمی میرنشینی سۆراندا پایتەختێکی گەورەو بەناوبانگ بووە، شارێکی دڵ رفێن بووە ناوبانگێکی گەورەی بەم هۆیەوە پەیدا کردبوو کەتائێستاش ئەو ناوبانگەی هەر ماوەتەوە هەیە، خەڵکی تێکۆشەرەکەی رواندز بەهەموو چین و توێژەکانیەوە لەبزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلەکەمان رۆڵی لەبەرچاوو دیاریان هەبووە لەبەرامبەر دەگیرکەران و دوژمنانی دژ بەکورد.

رواندز، جگە لەوەی شوێنێکی هەڵکەوتووی ستراتیژی یە لەهەمان کاتیشدا شوێنێکی گەشت و گوزاری دڵگیرە. بەڵام وەك پێویست گرینگی بەم شاروچکەیە نەدراوە! ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە دوای دووساڵ دابران رواندزم چۆن بینی؟ رواندزئەگەر چی شانازیەکی گەورەی هەیە وەك ئاماژەمان پێدا بەڵام ئەوەی من بینیم لەو چەند رۆژەدا شارێکی چۆل و بی خزمەت تارادەیەك هەر لەگوند دەچوو! پێشتریش هەر بەم شێوەیە بینیبووم بەڵام دەیانگوت رواندز گۆڕانی بەخۆوە بینیوەو گرینگی زیاتری پێدراوە لەرووی ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزاری، ئەم مژدەیە زۆر دڵخۆشی کردم و بەڵام بەداخەوە ئەوەی من بینیم وەك جاران شارێکی ویران بوو. تەنیا یەك شت دڵی خۆش کردم دروستکردنی هەوارگەی (پانك) بوو کە لەو شارەدا دروست کراوە ئەویش کەرتی تایبەت دروستی کردووە ئەو کەسەش خەڵکی شارەکەیە.

رواندز رەنگە کاری بۆ کرابی بەڵام وەك پێویست نەبووە، ئەوەی بۆ شوێنەکانی تر کراوە بەهیچ شێوەیەك بۆ رواندز نەکراوە. وەختێك کە بەناو شارەکەدا گەڕام سەیرم کرد شەقامەکانی تێك دراون، تێکدانی شەقامەکان بەمەبەستی فراوانکردنی بووە، حکومەت کەلەم دوا دوایەدا ئاور لەرواندز دەداتەوە کەدەبوایە دوای ڕاپەرین خزمەت گوزاری شاری رواندز خرابایە کاری حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان.

رواندز پێویستە بایەخی زیاتری پێبدری و بکرێتە شوێنێکی گەشت و گوزاری گرنگ بۆ کوردستان رواندز شوێنی گەشت و گوزارە (هاوینە هەواری بێخال و جوندیان) وەحکومەتی هەرێم بەجدی کاری بۆ بکات و بایەخی پێبدات و چەند هۆتێلێکی گەشتیاری لێ دروست بکات چونکە ئەگەر سەیر بکەین هەموو ئەو وەفدانەی دینە کوردستان سەرێك بەجوندیان و بێخاڵدا دەکەن و لەژێر سێبەری دارەکان هەوایەك هەڵدەمژن و بەئاوی سازگاری شوێنەکان دڵ و دەروونیان فێنك دەکەنەوە.

بۆیە داواکارم حکومەت کار بۆ شاری رواندز بکات ئەو شارە ی چەندین جار لەلایەن رژێمە یەك لەدوا یەکەکان وێران کراوە، هەقە حکومەت ئەو شارە بکات بەشوێنێك کەهەموو کات ناوی رواندز بەپیرۆزی و گەورەیی بمێنێتەوە.

hawrerwandzi@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.